ئەتەمبەلی ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تەقیەوە

نیوەڕۆی ئەمڕۆ هەینی (19ـی نیسانی 2024)، ئەتەمبەلی عەتا سەراوی، ئەندامی پێشوی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان لە سەرچنار تەقیەوە، بەپێی زانیارییەکان لە رووداوەکەدا هیچ زیانێکی گیانی نەبوە.

بەگوێرەی زانیارییەکان، هەڕە ئەمنییەکان دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردوە، بەڵام عەتا سەراوی لە لێدوانێکدا وتویەتی، هەکاری تەقینەوەو لە ئەنجامی چاندنی بەمبێک لەژێر ئەتەمبەلەکەی.

عەتا سەراوی، ئەندامی پێشو ی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان وتیشی، خۆی سەلامەت و کەسی دیکەش زیانی پێنەگەیشتوە.

لە تەقینەوەکەدا جگە لە ئەتەمبەلەکەی عەتا سەراوی، زیان بەر چەند ئەتەمبەلێکی دیکە کەوتووە.